کاندیدێکی پەرلەمان لەسەر لیستی هەڵوێست لە پێنجوێن ڕفێندراو و ئازاری جەستەیی دراوە

ئەمڕۆ هەینی، ڕەوتی هەڵوێست ڕایگەیاند، بەداخەوە ئیستا ئاگادار کراینەوە کە کاندیدی ئێمە مامۆستا (عەزیز بلکیان) ژمارە 11 لە بازنەی سلیمانی رەوتی هەڵوێست لە بەیانی زووی ئەمڕۆوە فریندراوەو کەسو کاری ئاگاداریان کردوین ئازاری جەستەیی دراوەو ڤیدیۆیەکی زۆرە ملێ پێ کراوە، لێرەوە سەلامەتی ژیانی مامۆستا عەزیز ئەخەینە سەر دەزگاکانی حکومەت و دەسەلاتی پێنجوین وە لە رێگای یاسایی شکاتی خۆمان لە کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن تۆمار ئەکەین، با سندوقەکانی دەنگدان و دەرئەنجامی ململانیی رەوا بیت نەک ئەم هەڵسوکەوتەی کە زەمەنی بەسەر چووە.